# ڕاپۆرتەکەی جەیمس بەیکەر: دابەشکردنی عێراق وەک چارەسەر

بەختیار کەریم

جەیمس بەیکەر، وەزیری (پێشوتری) دەرەوەی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە بەڕێوەبەرێتی بوشی یەکەم، کە ئێستا هاو-سەرپەرشتیاری (گروپی لێکۆڵینەوە لە عیراق)ە، لە چاوپێکەوتنێکدا ئاماژە بەوە دەکات کە پێدەچێت دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەی گروپەکەی، پێشنیار و راوێژی ئەوە بکات کە سیاسەتی ئەمریکا لە عێراق بگۆریت بۆ دابەشکردنی عێراق بۆ سێ هەرێمی نیمچەسەربەخۆ. ئەگەرچی هێشتا گروپەکە کۆتایی بە لێکۆڵینەوەکەی نەهێناوە، بەڵام ئەم ئاماژەیەی بەیکەر و هاوکارەکانی هەنگاوێکە بۆ تاقیکردنەوەی ئاوەکان بەر لەوەی لێیان بدەن، هاوکات ئامادەکردنی رای گشتی ئەمریکایە کە ئەمرۆ زۆر رەشبینانە لە سیاسەتی ئەمریکا لە عێراق دەڕوانێت.

گروپی لێکۆڵینەوە لە عێراق، پێکهاتوە لە چەندین کەسایەتی ناسراو و کارمەند و سیاسەتمەداری پێشووی بەڕێوەبەرێتییەکانی ئەمریکا. لەوەش گرنگتر گروپەکە لە ئەندامانی کۆنگرێسی هەردوو پارتی سەرەکیی پێکهاتوە و بەڕێوەبەرێتی بوش بە دروستبوونی رازیبووە، هەروەها چاوەڕوان دەکرێت راوێژەکانی بەگرنگییەوە لەبەرچاو بگرێت.

گرنگی ئەم ڕاپۆرتە لەوەدایە کە هەوڵ دەدات ئەو جیاوازییەی دید کە لەنێوان دیمۆکرات و کۆمارییەکاندا هەیە لێکنزیک بخاتەوە، هەروەها هەوڵ دەدات لەرێگای گۆرانکارییەکی ستراتیژییەوە ئەمریکا لە دۆران و ناوچەکە لە پشێویی رزگاربکات. لەکاتێکدا کۆمارییەکان و بەرێوەبەرێتی بوش پێ لەسەر سیاسەتی (درێژەدان) بە سیاسەتی دارێژراو دادەگرن، دیمۆکراتەکان داوای کشانەوە یان خشتەیەکی کات بۆ ئەو کشانەوەیە دەکەن. ئەوەی لەو راپۆرتە چاوەڕاوان دەکرێت جگە لە دروستکردنی پردێک لەنێوان ئەم دوو دیدەدا، دۆزینەوەی دەرچەیەکە بۆ ئەمریکا لە تەنگژەی عێراق، بەڵام بەشێوەیەک کە بەرژەوەندییە ئابوری و ستراتیژییەکانی ئەمریکا زیانی زۆریان پێنەگات.

بێگومان ئایدیای دابەشکردنی عێراق بۆ سێ هەرێمی نیمچەسەربەخۆ شتێکی تازە نییە. بەڵام گەرانەوەی بەو قورسیاییەی ئێستا و لە راپۆرتێکدا کە دەتوانێت بەرێوەبەرێتی بوش لە تەنگژەی عێراق رزگاربکات، گرنگی لە هەموو ئەو دەنگانەی پێشوتر زیاتر دەبێت، هاوکات ئەگەری ئەوە زۆرە کە ئەمریکا ئەم پێشنیارە بکاتە سیاسەتی ئەڵتەرناتیڤ بۆ ئەو سیاسەتەی ئێستای کە شکستی خواردوە. ئەوەی ئەم ئەگەرەی گۆرانی سیاسەتی ئەمریکی بەهێزتر دەکات، ئەو بانگەشانەی ناو کۆنگرێس و دەرەوەی کۆنگرێسە بۆ تاوتوێکردنی هەڵبژاردەی دیکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی عێراق. بۆ نمونە هەر لەم هەفتەیەدا (جۆن وارنەر) سەرۆکی (کۆمیتەی هێزە چەکدارەکان)ی سێنات (ئەنجوومەنی پیران)، جەختی لەوە کردەوە کە پێویستە هەموو هەڵبژاردەکان لەبارچاوبگیرێن بۆ دانانی سنوورێک بۆ کێشەی عێراق. ئەم گۆرانکارییانە ئاماژەیەکی ئاشکران کە چیتر دابەشکردنی عێراق لەلای بریاردەرانی ئەمریکا وەک (تابوو)یەک لێیناڕوانرێت، بگرە وەک دوارێگەچارە ئاماژەی بۆ دەکرێت.

شایانی باسە کە راپۆرتی کۆتایی گروپەکە لەپاش هەڵبژاردنە ناوەراستییەکانی مانگی یانزە بڵاودەبێتەوە. بێگومان پاش بڵاوبوونەوەی راپۆرتەکە، ئەگەر گریمان ئەم پێشنیارانە کرانە سیاسەتی کۆنکریتی ئەمریکا لە عێراق، جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە جگە لەوەی سەخت دەبێت کاتێکی زۆریش دەخایەنێت. بەڵام گرنگە کە میدیا و نێوەندە سیاسییەکانی کورد گرنگی بە بابەتەکە بدەن و رازیبوونی خۆیانی بەرامبەر پیشان بدەن. وەک چۆن ئێستا حکومەتی هەرێم لە پرۆژەیەکی پەیوەندیی جەماوەرییدا بەناوی (عێراقەکەی دیکە)ەوە، بە دەیان ملیۆن دۆلاری بۆ راکێشانی سەرنجی بازرگانە ئەمریکییەکان بەهەدەرداوە، پێویستە چەند هەزار دۆلارێکیش بۆ بەبابەتکردن و بەهەرمێنکردنی بیرۆکەی دابەشکردنی عێراق بۆ سێ هەرێم، لەناوخۆ و دەرەوە، تەرخان بکات.

2006/10/09

ئۆکسفۆرد/ئینگلاند

www.dengekan.com